ئاسایشی ناوخۆ لەحەبە: گروپەچەکدارەکان هێرشیان کردو 13 کەسیان لێ کوژرا

ناوەندی راگەیاندنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ رایگەیاند، شەوی سەخت لەحەبە بەردەوامەو گروپەچەکدارەکانی سەربەحکومەتی دیمەشق ویستویانە پێشەوی بکەن و هێزەکانیان لێیان هاتونەتە دەست و 13 چەکداریان لێ کوشتون و دو زرپێشیان تەقاندونەتەوەو دو چەکداریشیان دەستگیرکردون.

ناوەندی راگەیاندنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، کەمێك لەمەوبەر لەراگەیەندراوەکدا وتی، گروپەچەکدارەکانی سەر بەحکومەتی دیمەشق، ئێوارەی ئەمڕۆ پێنجشەممە، هەوڵی پێشەوییان داوەبەرەو گەڕەکەکانی شێخ مەقسود و ئەشرەفیەی لەحەبە، هێزەکانمان لێیان هاتونەتە دەست و دو زرپێشیان تەقاندتەوە.

ئەوەشی خستەڕوو، لەئاکامدا 13 چەکداری گروپەکان کوژراون و دوانی دیکەشیان دەستگیرکراون.

هەمای بۆ ئەوەش کردوە، چەکدارەکان هەڕاتون و هێزەکانیان دەستیان کردوە بە گەڕان و پشکنین لەو باڵەخانانەی کە ویستویانە لێیەوە هێرش بکەن.

جەختیشی کردەتەوە، شەڕی سەخت بەردەوامەو و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەرگرییەکی قارەمانانە دەکەن و بەردومانی گروپەکە چەکدارەکانیش بەردەوامە.